هونەری وتوویژ و دانوستان: شێوازە نەریتییەکانی کورد و تێڕوانینە کانی سەردەم

عەلی مازووجی

زنجیرە کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی
کوردستان
TISHK BOOK
٢٠٢٦ی زایینی



ناوی کتێب: هونەری وتوویژ و دانوستان: شێوازە نەریتییەکانی کورد و تیۆرییەکانی سەردەم
ناوی نووسەر: عەلی مازووجی
زمانەوان: چیا کەلهۆڕ
دیزاینی بەرگ: شیلان مەردۆخی
دیزاینی نێوەڕۆک: سان
وەشانخانە: ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک
شوێن: بۆن، ئاڵمان
ساڵی چاپ: ڕەزبەری ٢٧٢٦
ژمارە: ١٨

ISSN: 3052-2242
ISBN 978-3-68939-014-3
eISBN 978-3-68939-015-0
https://doi.org/10.69939/TISHK0018

TISHK
Zentrum für Studien über Kurdistan

TISHK-Center for Kurdistan Studies

پێشکەشە بە

هەستی میهرەبانانەی باوکم (عەبدوڵڵای مازووجی)

سۆزی گەرمی دایکم (مەرزییە خالیدی)

کە ڕۆژگار بە ماڵئاوایی یەکجارییان و دووری لە نیشتمان،

هەلی ئەوەی پێ ڕەوا نەبینیم تێر لە ئامێزیاندا ئارام بگرم.

پێڕست

١ بەشی یەکەم: چوارچێوەی چەمکی و تیۆری ١٧

١-١پێناسەی دانوستان و وتووێژ لە ڕوانگەی بیرمەندە ناوداراکان ١٧

١-٢نەریتی دانوستان و وتووێژ لە کولتووری نەتەوەی کورددا ٢٠

١-٣نێوبژیوانی لە سیستەمی عەشیرەیی کورددا ٢٧

١-٤تیۆریی ناکۆکی ٤١

١-٤-١پێناسەی ناکۆکی لە ڕوانگەی زانایان و تیۆریی ناکۆکی یوهان گاڵتونگ ٤١

١-٤-٢تیۆریی گلازێل لەمەڕ ناکۆکی و کەسایەتی ٥٩

١-٤-٣تیۆریی کەسایەتی لە دیدی فریدمن شوڵتس ڤۆن تۆون ٧٥

١-٤-٤جۆرەکانی پەیوەندی لە ڕوانگەی پاوێڵ واتسلاویکەوە ٨٤

٢ بەشی دووەم: دانوستان و نێوبژیوانی لە مێژووی کوردستاندا ٩٧

٢-١دانوستان و نێوبژیوانی لە نێوان میرنشینەکانی کوردستاندا ٩٧

٢-٢مەحموود پاشای بابان (ساڵی ١٨١٣) ١٠٠

٢-٢-١مەحموود پاشای بابان لە چوارچێوەی «تاک»دا ١٠٦

٢-٢-٢مەحموود پاشای بابان لە چوارچێوەی سروشتدا ١١٣

٢-٢-٣مەحموود پاشای بابان لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا ١١٩

٢-٢-٤مەحموود پاشای بابان لە چوارچێوەی جیهاندا ١٢٥

٢-٢-٥مەحموود پاشای بابان لە چوارچێوەی کولتووردا ١٢٨

٢-٢-٦مەحموود پاشای بابان لە چوارچێوەی کاتدا ١٣١

٢-٣هۆکارەکانی ناکۆکی و لێکتێنەگەیشتن ١٣٣

٣ گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٤٣

٣-١گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستان دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینەکان ١٤٣

٣-٢ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٤٦

٣-٢-١شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە چوارچێوەی تاکی خۆیدا ١٥٠
٣-٢-٢شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە چوارچێوەی سروشتدا ١٥٤
٣-٢-٣شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە چوارچێوەی کۆمەڵدا ١٥٧
٣-٢-٤شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە چوارچێوەی جیهاندا ١٦٥
٣-٢-٥شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە چوارچێوەی کولتووردا ١٧١
٣-٢-٦شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە چوارچێوەی کاتدا ١٧٥
٣-٣ئەو چاوەڕوانییانەی شێخ عوبەیدوڵڵا و بەرانبەر و دەوروبەری لە یەکتریان هەبوو ... ١٧٧
٤ سەرهەڵدانی ڕێکخراوەی سیاسی لە کوردستان، جەنگی یەکەمی جیهانی، بزووتنەوەی شێخ مەحموود بەرزنجی ١٨٣
٤-١سەرهەڵدانی ڕێکخراوەی سیاسی و شێوازی بیرکردنەوە و کۆمەڵکوژیی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری ١٨٣
٤-٢شێخ مەحموود و ڕۆڵی لە وتوێژەکاندا ١٩١
٤-٢-١شێخ مەحموود لە چوارچێوەی تاکی خۆیدا ١٩٧
٤-٢-٢شێخ مەحموود لە چوارچێوەی سروشتیدا ٢٠٥
٤-٢-٣شێخ مەحموود لە چوارچێوەی کۆمەڵدا ٢٠٨
٤-٢-٤شێخ مەحموود لە چوارچێوەی جیهاندا ٢١٢
٤-٢-٥شێخ مەحموود لە چوارچێوەی کولتووردا ٢١٧
٤-٢-٦شێخ مەحموود لە چوارچێوەی کاتدا ٢٢٢
٥ دامەزرانی کۆماری کوردستان و کەسایەتیی قازی محەممەد ٢٢٩
٥-١دامەزرانی کۆماری کوردستان ٢٢٩
٥-٢کەسایەتیی قازی محەممەد و تواناکانی لە وتوێژدا ٢٣٨
٥-٢-١قازی محەممەد لە چوارچێوەی «تاکەکەسی»ی خۆیدا ٢٣٨
٥-٢-٢قازی محەممەد لە چوارچێوەی سروشتدا ٢٤٩
٥-٢-٣قازی محەممەد لە چوارچێوەی کۆمەڵدا ٢٥٦
٥-٢-٤قازی محەممەد لە چوارچێوەی جیهاندا ٢٦٧

٥-٢-٥قازی محەممەد لە چوارچێوەی کولتووردا ٢٧٢
٥-٢-٦قازی محەممەد لە چوارچێوەی «کات»دا ٢٧٨

٦ باشووری کوردستان و کەسایەتیی مەلا مستەفای بارزانی ٢٨٣

٦-١ناوچەی بارزان و جۆرەکانی ناکۆکی ٢٨٣
٦-١-١ناکۆکی لەگەڵ عەشیرەتەکانی دراوسێیان ٢٨٤
٦-١-٢کێشە لەگەڵ حکوومەت و دەزگا دەوڵەتییەکان ٢٨٧
٦-١-٣کێشەی ناوخۆی بنەماڵەیی ٢٨٧
٦-١-٤تایبەتمەندییەکانی ناوچەی بارزان ٢٨٧

٦-٢سەرهەڵدانی مەلا مستەفا وەک ڕێبەری شۆڕشی باشووری کوردستان ٢٩٣
٦-٢-١مەلا مستەفا لە چوارچێوەی تاکەکەسیی خۆیدا ٣٠١
٦-٢-٢مەلا مستەفا لە چوارچێوەی سروشتدا ٣٠٦
٦-٢-٣مەلامستەفا لە چوارچێوەی حیزبدا ٣١٦
٦-٢-٤مەلا مستەفا لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا ٣٢١
٦-٢-٥مەلا مستەفا لە چوارچێوەی جیهاندا ٣٢٧
٦-٢-٦مەلا مستەفا لە چوارچێوەی کولتووردا ٣٤٧
٦-٢-٧مەلا مستەفا لە چوارچێوەی کاتدا ٣٥٢

٧ وتوویژ و شێوازەکانی ٣٥٧

٧-١شێوە وتوویژی «دابەشکاری» (Distributive) ٣٥٧

٧-٢وتوویژ بەشێوەی هاوساز (Integrative) ٣٦٧
٧-٢-١نێوبژیوانی لەنێوان تاک و بنەماڵەکاندا (Mediation) ٣٦٩
٧-٢-٢وتوویژ بەشێوەی ئیتیگراتیو «هاوسازIntegrative» لە ڕەدەی بەربڵاوتردا ٣٩٥
٧-٢-٣ڕوانگەی ڕایمۆند سانێر ٤٠١
٧-٢-٤چۆن دەتوانین هەڵوێستێکی گونجاو بگرین؟ (لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی) ٤٠٧
٧-٢-٥چوار کۆڵەکەی بنەمای قوتابخانەی (کۆنسێپتی) هاروارد ٤٢١
٧-٢-٦قۆناغەکانی وتوویژ ٤٦٥

٧-٢-٧لێژنەی وتوێژکار و بەرپرسایەتییەکەی..... ٤٧٥

٨ کۆبەندی و کۆتایی..... ٤٩٥

پێشەکییەکان

پێشەکیی نووسەر

خوێنەرانی بەڕێز، ئەو کتێبەی لەبەر دەستتاندایە باس لە ناکۆکی، شێوازە جۆراوجۆرەکانی، ڕۆڵی مرۆڤەکان و کەسێتییان دەکات، هەروەها ڕێگەچارەسەرییەکان دەستنیشان دەکات. ناکۆکی لە ژیانی مرۆڤدا، لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە تا دواکاتی ژیان، هاوڕێیەکی هەمیشەییە. جارێک وەک ئاوی ڕووبارێکی خوڕ بە تەوژمە و جارێکی تر هێمن و مەند. کاتێک ناکۆکی پەنگ دەخواتەوە و ڕێگاچارەکان بە بنبەست دەگەن، دەبێتە لافاوێکی بە تەوژم کە ڕێڕەوی ژیان دەگۆڕێت؛ دەشێت ملیۆنان مرۆڤ و هێزی ماددی و مەعنەوی بکاتە قوربانی، هەزاران کەس سەرگەردان و بێماڵ، دەیان منداڵ بێ باوان و کۆمەڵگا تووشی قەیرانی بێئاوونانی و بێجێگەوبانی بکات. ئەوە ئەو ساتەیە کە جڵەوی ناکۆکی لە دەستی مرۆڤ دەردەچێت و تووندوتیژی دەبێتە سوارچاکی گۆڕەپانەکە و بە ئارەزووی خۆی مرۆڤەکان ڕادەکێشێت. پلاتۆن دووسەد و پەنجا ساڵ بەر لە زایین بە دروستی گوتوویەتی: «مرۆڤ بۆ مرۆڤ گورگە.»

بۆ تێگەیشتن لە کردەوەی مرۆڤەکان، پێویستە تێڕوانینێکی قوواڵمان بۆ هەڵسوکەوتیان هەبێت. لەم کتێبەدا هەوڵم داوە خوێنەر بە جۆرەکانی کەسایەتی و شێوازی بیرکردنەوە و کاردانەوەی هەر یەکێکیان ئاشنا بکەم. لە ڕاستیدا، مرۆڤ هەم سەرچاوەی ئاشتی و ئاوەدانییە و هەم کانگای ناکۆکی، کینە و کوشتارە. هەروەها لێکدانەوەیەکی مێژوویی بۆ دیاردەی ناکۆکی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کردووە و ئەو کەسایەتییانەم بەرز نرخاندووە کە بۆ ئاشتەوایی و ڕێگری لە قەیران تێکۆشاون. ئەم کتێبە ڕێنوێنییەکی باشە بۆ ئەوەی بزانین چۆن دەکرێت ئەو وزە بەهێزەی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ یەکتر بەکار دێت و وەک دیاردەیەکی نەرێنی کەڵکی لێوەردەگیرێت، بگۆڕدرێت بۆ وزەیەکی ئەرێنی؛ بۆ ئەوەی ئاشتی لەنێوان تاکەکان و کۆی کۆمەڵگادا بەدی بێت و مرۆڤەکان لەجیاتی زیانی گیانی و ماددی بەیەک بگەیەنن، خەریکی چاکسازی، خوڵقاندن، پەرەپێدانی کۆمەڵگا و چاندنی تۆوی یەکێتی و پاراستنی کەرامەت و گەورەیی مرۆڤ بن.

بەشێکی بەرچاوی ئەم کتێبە سەرنجی خستووەتە سەر کەسایەتییە مێژوویییەکانی نەتەوەی کورد. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ڕێبەرە کوردانە، کەڵکم لە بیردۆزییەکانی(تیۆریی یووهان گاڵتوونگ، فریدریش گلازل، شولتس ڤۆن تووم، ئێریش فرۆم، پاول واتسلاویک، ڕایموند سانیر و گێرهارد شوارتس) وەرگرتووە و هەوڵم داوە کەسێتی و شێوەی هەڵسوکەوتیان لە چوارچێوەی «تاک، سروشت، کۆمەڵ، جیهان، کولتوور و کات»دا هەڵسەنگێنم و تێبکۆشم لە ڕێگەی ئەو میتۆدانەوە، بەشێک لە ئاکار و هەڵسوکەوتیان، هۆکارەکانی شکست و سەرکەوتنیان و شێوەی وتوێژ و دانوستانیان لەگەڵ نەتەوەی خۆیان و نەتەوەکانی دیکە، بە شێوەیەکی زانستییانە بخەمە بەر سەرنجی خوێنەران. مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە مرۆڤی کورد ئاگاداری کێشەکانی ناوخۆی بێت و لە داهاتوودا بتوانێت ڕێگری لە هەڵە و قەیرانی نوێ بکات.

لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا هەوڵم داوە خوێنەر بە شێوەکانی زانستیی ناوبژیوانی و وتوێژ، هەروەها هەڵسەنگاندنی شێوازی نەریتی کوردی لەگەڵ شێوازی زانستی ئاشنا بکەم. بۆ ئەو کارە وتوێژم لەگەڵ

چەند کەسایەتیی ناوچەی موکریان کردووە کە تەواوی ژیانی خۆیان بۆ ئاشتەواییی کۆمەڵایەتی تەرخان کردووە. شێوازی ئەو کەسایەتییانەم کردووەتە بنەما بۆ هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو شێوازانەی لە زانکۆکانی ئەوروپا وەک وانە دەگوترێنەوە. بەم شێوەیە، ناوبژیوانانی کوردیش ئاگاییان لەسەر شێوازی زانستیی ناوبژیوانی دەبێت و زانیاریی نوێ بەدەست دێنن. سەرنجم داوەتە سەر دانوستان بەشێوەی جۆراوجۆر و بەتایبەت «هاوساز» .(Integrative) بایەخێکی زۆرم بە بابەتەکانی گوێگرتنی چالاک، لێکدانەوەی ناکۆکی و قەیران داوە. لە وتوێژی هاوسازدا هەوڵ دەدرێت لایەنەکان «براوە-براوە» بن و کەس خۆی بە دۆڕاو نەزانێت. بۆ ئەوەی وتوێژی کوردی و زانستی بە خوێنەران بناسێنم، وتوێژم لەگەڵ چل کەس لە ڕێبەرانی سیاسیی کورد و خەڵکی ئاسایی کردووە و لەسەر چوار هۆکار، واتە: «بایەخداریی وتوێژ، هەبوونی هۆکارەکانی هێز، هەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش، هاوڕابوون و پەیوەندیی دوولایەنە» پرسیارم لێ کردوون و هەڵم سەنگاندوون. لەو بەشەدا ئاشنا دەبن بە شێوازی دانوستانی زانستی لە ڕوانگەی «کۆنسێپتی هاروارد» کە پتر ئەمریکاییەکان کەڵکی لێ وەردەگرن، هەروەها شێوازی ڕایموند سانیر کە ئەوروپاییەکان بەکاری دەهێنن. بۆ ئەوەی خوێنەر پتر بچێتە ناو قووڵایی زانستی وتوێژەوە، شێوەی پرسیارکردن، شێوەی پەیداکردنی زانیاری لە ڕێگەی «پەنجەرەی جۆهاری»، هەروەها شێوازی دۆزینەوەی بیرۆکە لە ڕێگەی ئامرازگەلی وەک «هێرەمی ماسلۆ»، «گەردەلوولی بیرکردنەوە» و «دیاگرامی بازنەیی» و هەروەها ڕێگری لە فڕوفێڵی لایەنی بەرانبەر بە جوانی دارێژراون. لە کۆتاییدا بەشێکی کتێبەکە سەرنجی خستووەتە سەر تیمی وتوێژکار؛ کە ئەو تیمە دەبێت چۆن بێت، کەسایەتییەکان چ تایبەتمەندییەکیان هەبێت، شێوەی بەڕێوەبردنی تیمەکە چۆن بێت و چ شێوازێک دەتوانێت سەرکەوتوو بێت.

بەڕێزان، ئەم کتێبە لە لایەک بەرهەمی تێکۆشانێکی زۆری لێکۆڵینەوە، خوێندنەوە و ئەزموونی کاریی خۆمە. لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ هاوکاریی کۆمەڵێک لە دۆستان، تەواوکردنی ئاستەم بوو. بۆیە پێویستە سپاسی ئەو بەڕێزانە بکەم کە یارمەتیی هزری، هەڵەچنی، وتوێژ و پیادەکردنی وتوێژەکانیان داوم. ئەو بەڕێزانە بریتین لە: سەعدوون مازووجی، برای خۆشەویستم کە ئەرکی لەڕادەبەدەری کەوتبووە سەرشان و ئەوەی ڕاستی بێ، هاوبەشی ئەم کتێبەیە و بەشێک لە وتوێژەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر شان بووە؛ کاک دکتۆر داود ڕەسوڵی، دۆستی بەڕێزم؛ کاک دیاکۆ شێخ ئاقایی، دۆستی خۆشەویستم؛ کاک دکتۆر ئاسۆ حەسەنزادە، دۆستی بەڕێزم؛ کاک سامان عەباسی و کاک خەسرەوی قادری کە یارمەتیی پیادەکردنی وتوێژەکانیان داوم و کاک سەنگەر شنۆیی کە دیسان لە ڕووی زمانییەوە پێیدا چووەتەوە و خاتوو شیلان مەردوخی ئەرکی دارشتنی بەرگی کتێبەکەی کێشاوە. هەروەها ڕێز و خۆشەویستیم هەیە بۆ شێخ دانا ڕاستی، بەرپرسی ناوەندی کوردی لە نەمسا کە یارمەتیی تایبەتی داوم. پرۆفیسۆر جەلیل جەلیل چەندین جار دەرگای کتێبخانەکەی بۆ کردوومەتەوە بۆ ئەوەی کەڵک لە کتێبەکانی وەربگرم. هەروەها هاوڕێیانی تیشک و بەتایبەت کاک سیاوەش محەممەدی زەحمەتی چاپکردنیان گرتووەتە ئەستۆ. ئەوەی ڕاستی بێ، هەرکام لەم بەڕێزانە یارمەتیی زۆر گرنگیان پێشکەش کردووم، بۆیە ئەم بەرهەمە کارێکی بەکۆمەڵە و بە دڵ سپاسی هەموویان دەکەم و هیوادارم سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

عەلی مازووجی

١٣.٠٧.٢٠٢٦

Impressum:
Verlag:
TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan.
Verlags- bzw. Erscheinungsort:
Bonn
Titel:
The Art of Discussion and Negotiation: Traditional Kurdish Practices and Contemporary Theories
Autor:
Ali Mazoudji
Druck: Eigendruck
Vertrieb: TISHK
Anschrift der Redaktion:
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Postfach: 840108
51033 Köln
Email: info@tishk.org
Webseite: www.tishk.org

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

TISHK Center for Kurdistan Studies

TISHK Book (18)
October 2026
Bonn

Copyright.

© 2026 by TISHK Center for Kurdistan Studies is licensed under CC BY-NC 4.0

This book is published under the Creative Commons Attribution 4.0 International Licence, which permits use, copying, adaptation, distribution and reproduction in any medium or format, provided you give proper credit to the original author(s) and the source.

TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
P.O.: 840108
51033 Cologne
www.tishk.org
info@tishk.org
Tel.Nr.: +4915110338428

ISBN 978-3-68939-014-0
eISBN 978-3-68939-015-0
ISSN 3052-2242
DOI 10.69939/TISHK0018

The **TISHK Book**s is a platform dedicated to promoting and distributing books related to Kurdistan, Iran and the Middle East, and various academic disciplines. Our goal is to make these valuable resources accessible to readers worldwide. TISHK Books is an integral part of the center's mission to promote knowledge and understanding of Kurdistan and the Kurdish situation in the Middle East. It is a publishing initiative that aims to produce high-quality books on various topics related to Kurdish studies.
Language Editor: Chiya Kalhor
Cover by: Shilan F. Mardokhi
Design by TISHK
Book language: Kurdish

Ali Mazoudji

The Art of Discussion and Negotiation: Traditional Kurdish Practices and Contemporary Theories

TISHK
The Center for Kurdistan Studies